# ڕووی دزێوی مافەکانی مرۆڤ

«توندوتیژی وەك نیشانەی نەخۆشی، (وەك سەمپتۆم)»



**سلاڤۆی ژیژەك**

و. وەلید عومەر

ئەو چاوەڕوانییە نیگەرانکەرەی کە گوایا هیچ شتێک ڕوونادات، کە سەرمایەداری درێژە بە ڕەوتی ناکۆتای خۆی دەدات، ئەو داواکارییە نائومێدانەیەی کە بۆ کردنی کارێک و سەرەوژێرکردنی سەرمایەداری دەخرێتەڕوو، تێکرا ساختە و درۆیینەن. ویستی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە هەروەکو جەبر و ناچارییەک خۆی دەردەخات، وەکو «من جگە لەمە هیچ کارێکی ترم لەدەستنایەت»ێک، یاخود ئەم گۆڕانە شتێکی بێ‌نرخە. بە سەرنجدان لەو جیاکارییەی کە "بێرنارد ویلْیامز" خستویەتیە نێوان هەردوو وشەی«must» [پێویستە] و «ought»[دەبێت]ـەوە[١]، شۆڕشێکی ڕەسەن و ڕاستەقینە، وەک ئەوەی کە باسدەکرێت، وەکو «پێویستە»یەک ئەنجامدەدرێت -شۆڕش شتێک نیە کە ئێمە «دەبێت» وەکو شتێکی ئایدیاڵی خەباتی بۆ بکەین، بەڵکو شتێکە ناتوانین بیکەین و لە هەمان کاتیشدا ناتوانین جگە لەوە هیچی تر بکەین. هەر بەم هۆیەوە ئەمڕۆ خەمی چەپەکان لەسەر ئەو بنەمایەی کە شۆڕش ڕوونادات، کە سەرمایەداریی جیهانی درێژە بە ڕێکردنی ناکۆتای خۆی دەدات، تا ئەو جێیە ساختە و درۆیینەیە کە شۆڕش دەکەنە جەبرێکی ئەخلاقی، بەو شتەی کە «دەبێت» ئێمە لە ناوەوە ئەنجامی بدەین، ئەویش لەکاتێکدا کە لەگەڵ چەقبەستویی و بێجووڵەیی ئەم چرکە سەرمایەدارییەدا دەجەنگین.

[١] Must لە زمانی ئینگلیزیدا فەرمان و داخوازییەکە کە لەدەرەوەوە دەدرێت و دەسەپێنرێت، بەڵام ought to فەرمانێکە کە لەلایەن سوبێکت خۆیەوە و لەناوەوە دەدرێت-و

بەهەرحاڵ دوا ئەرگۆمێنت دژی دەستێوەردانە سیاسییە (گەورەکان) کە ئامانجەکەی بریتییە لە وەرچەرخانێکی جیهانی، هەمان ئەزموون و دەرکەوتە ترسناکەکانی سەدەی بیستەمە، کارەساتگەلێک کە بووە هۆی چەندین شێوازی بێپێشینەی توندوتیژی. لە تیۆریزەکردنی ئەم کارەساتانەدا، سێ لێکدانەوە و تێگەیشتنی جیاواز هەیە: ١) یەکێک لەم لێکدانەوانە پەیوەستە بە هابەرماسەوە: ڕۆشنگەری خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی ئەرێنیی ڕزگارکەرە کە خۆی بەدەرە لە هەر جۆرە ماتەوزەیەکی ملهوڕی و تۆتالیتاریزم، ئەم کارەساتانە دەرخەری ئەو خاڵەن کە ڕۆشنگەری وەکو پرۆژەیەکی تەواونەکراو ماوەتەوە، بۆیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە ئەم پرۆژەیە تەواوبکەین. ٢)تێگەیشتنێکی تر پەیوەستە بە ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەرەوە لە کتێبی *دیالەکتیکی ڕۆشنگەری*دا، کە ئەمڕۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان لە لایەن ئاگامبێنەوە دووبارەدەکرێتەوە: وزە ناوەکییە تۆتالیتارییەکانی ڕۆشنگەری، شتێکی جەهەری و حاشاهەڵنەگرن؛ "جیهانی بەڕێوەبراو"[٢] حەقیقەتی ڕۆشنگەرییە، کامپ و ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی سەدەی بیستەم و جینۆسایدەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان دواخاڵی "تیۆلۆژیای نەرێنی"[٣]ـی کۆی مێژووی ڕۆژئاوان. ٣)تێگەیشتنی سێیەمیش لە هەموان زیاتر، لە بەرهەمەکانی "ئێتین بالیبار"[٤]دا گەشەی سەندووە و پەرەی پێدراوە: مۆدێرنە پانتاییەکی لە ئازادییە نوێیەکان کردۆتەوە، بەڵام هاوکات ڕووبەڕێکی لە مەترسی و[

---

[2]. "administered world"

[٣]. بەپێی تیۆلۆژیای نەرێنی(نێگەتیف)، دەرکردنی حوکم و وەسفی ڕاستەوخۆ لەبارەی خوداوە شتێکی مەحاڵ و نامومکینە، بۆیە تەنیا لەڕێگەی حوکم و وەسفی ناڕاستەوخۆ ونەرێنییەوە دەتوانین باس لە زات و جەوهەری خودا بکەین. بەم پێیە، خودا دەرەخەسڵەت و نەناسراوە و دەکەوێتە سەرووی هەموو پێناسە و خەسڵەتەکانەوە. واتە تەنیا خودا هەیە و بەس، ناتوانین دەست بخەینە سەر ماهیەت و چییەتییەکەی. لەم دەقەدا تیۆلۆژیای ئەرێنی و ڕزگاریخوازانەی مێژووی ڕۆژئاوا لە کۆمەڵێك خراپە و شەڕ و کاولکاریی نەرێنیدا بەرجەستە دەبێت-و.

[4]. Etienne Balibar

زیانیش] لەگەڵ خۆیدا هێناوە و بۆیە هیچ گەرەنتییەکی تیلۆلۆژی سەبارەت بە عاقیبەت[٥] بوونی نیە، شەڕەکە کراوە و نادیارە.
خاڵی دەسپێکی بالیبار بۆ ناو باسی "توندوتیژی"[٦]، بریتییە لە بەسنەبوونی[٧] ئایدیا باوە هیگڵی/مارکسییەکە دەربارەی گۆڕینی توندوتیژی بۆ ئامرازێکی عەقڵی مێژوویی، هێزێک کە فۆرمولەبەندییەکی کۆمەڵایەتیی نوێ دێنێتە کایەوە: بۆیە دڕندەیی ناعەقڵانیی توندوتیژی، بە مانا پڕاوپڕە هیگڵییەکەی بریتییە لە نەفیکردن/بڵندکردنەوە[٨]، و کورتبۆتەوە بۆ پەڵەیەکی تایبەت کە پشکی لە هەموو هارمۆنیەت و ڕێکیی مێژووی پێشکەوتندا هەیە. سەدەی بیستەم لەگەڵ ژمارەیەک کارەساتدا ڕووبەڕووی‌کردینەوە، هەندێکیان دژی هێزە سیاسییە مارکسییەکان بەکارهێنران و هەندێکیشیان لەلایەن بەرپرسیاری و دەرگیریی سیاسیی خودی هێزە مارکسییەکانەوە بەرهەمهێنران. کارەساتگەلێک کە ناتوانرێت بەم جۆرە «بەعەقڵانی» بکرێت: بەئامرازکردنی[٩] کەرەستەکانی فێڵی عەقڵ(Cunning of Reason) نەک تەنیا لە ڕووی ئەخلاقییەوە جێی قبوڵکردن نیە، بەڵکو لە ڕووی تیۆرییشەوە هەڵەیە و بە مانای تەواوی وشەکەش کارێکی ئایدۆلۆژییە. لەگەڵ ئەمەشدا بالیبار لە خوێندنەوە زۆر وردەکەیدا بۆ مارکس، لە دەقەکانیدا، هەڵبەز و دابەزی نێوان تیۆری «گۆڕین»ـی غایەتگەرایانەی توندوتیژی و بیرۆکەی سەرنجڕاکێشی مێژوو وەک پرۆسەیەکی کراوە و ڕاڕای ململانێکان دەستنیشاندەکات کە دوادەسکەوتی "پۆزەتیڤ"یان، گەرەنتیی هیچ

---

[5]. outcome

[6]. Etienne Balibar, "Gewalt," in Historisch-Kritisches Wüsrterbuch des Marxismus, forthcoming.

[7]. insufficiency

[8]. نەفیکردن/بڵندکردنەوە(sublation) یان بە ئەڵمانی(aufgehoben) بریتییە لە ناواخنی پرۆسەی دیالەکتیکی لای هیگڵ. هەر دیاردەیەك بۆخۆی نەفیکردنی دیاردەیەکی ترە و لە هەمان کاتدا بەشێك لەو دیاردەیە لەگەڵ خۆیدا دەباتە سەرەوە و بڵندی دەکاتەوە و دەیپارێزێت. دیالەکتیکی هیگڵی سڕینەوەی تەواوەتی نیە، بەڵکو جۆرێکە لەم نەفی و پاراستنە. بۆنمونە، درەخت هەم سڕینەوەی تۆوە و هەم هەڵگری تۆویشە لە قۆناغێکی پەرەسەندوودا-و

[9]. instrumentalization

زەروورەتێکی مێژوویی گشتگیر ناکات (وەك کۆمەڵگای داهاتووی کۆمۆنیزم، بەربەرییەت و هتد).

بالیبار بڕوای وایە لەبەر هەندێک هۆکاری بونیادیی زەروورى، مارکسیزم ناتوانێت بیر لە زیادە و پاشماوە(excess)ـی ئەو توندوتیژییە بکاتەوە کە ناکرێت بلکێنرێتە حەکایەتی پێشکەوتنی مێژووییەوە– لەوەش سەیرتر و سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە مارکسیزم ناتوانێت تیۆرێکی تێر و کافیی وەک فاشیزم و ستالینیزم و دوا "عاقیبەت"ـەکەیان بەرهەمبێنێت، واتە کۆمەڵکوژیی جولەکەکان و [کاری زۆرەملێی] گۆلاگ. بۆیە ئەرکەکەمان دووجا و دووقاتە: سەرەتا بەکارهێنانی تیۆری توندوتیژیی مێژوویی وەک شتێک کە هیچ بکەر و بریکارێکی سیاسی ناتوانێت ڕایکێشێتە دەسەڵات و بیکاتە ئامراز، شتێک کە خودی ئەم بکەرە لە ناوەوەی بازنەیەکی ئەهریمەنیی خۆوێرانکەردا گەمارۆ بدات و، دووەمیش-ڕوویەکی تری ئەرکەکەمان- خستنەڕووی پرسیاری "شۆڕشی شارستانییانە"یە، ["یان بەشارستانیکردنی شۆڕشە"]، ئەوەی کە چۆنچۆنی خودی پرۆسەی شۆڕشەکە بگۆڕین بۆ هێزێکی "شارستانیانە". قەسابخانەکەی ڕۆژی "سان بارتێلمی" بێننەوە بیری خۆتان- چ هەڵەیەک لەو ڕۆژەدا ڕوویدا؟ ئامانجی کاترین دۆمدیسی، ورد و سنوردار بوو: ئامانجی ئەو پلانێکی ماکیاڤیلییانە بوو بۆ تیرۆرکردنی ئادمیرال دۆکلینی[١٠]، واتە ئەو پرۆتیستانتە خاوەن دەسەڵاتەی کە بە دوای شەڕدا دەگەڕا لەگەڵ ئیسپانیادا لەناو هۆڵەندا، و هاوکاتیش گواستنەوەی گوناهی ئەم تیرۆرە بۆ ئەستۆی خانەوادەی گیز (Guise) کە کۆمەڵێك کاتۆلیکی زۆر بەهێز بوون. بەم شێوەیە کاترین بە هیوای ئەوەوە بوو ئەنجامی کۆتایی بریتی بێت لە کەوتنی هەردوو خانەوادەکە کە هەڕەشە بوون بۆ سەر یەکێتی و یەکپارچەیی فەڕەنسا. بەڵام ئەم پلانە ڕاستگۆیانە کە مەبەستەکەی

[١٠]. دۆکلینی(١٥١٩-١٥٧٢) کاربەدەستی پرۆتیستانی فەڕەنسی و ڕاوێژکاری گەورەی شارلی نۆیەم، پادشای فەڕەنسا بوو کە لە کۆمەڵکوژیی پرۆتیستانەکانی فەڕەنسادا لە جەژنی سان بارتێلمیدا کوژرا.

بریتیبوو لە بەردانەگیانی یەکتری دوژمنانی کاترین، کەچی گۆڕا بۆ گۆمێك خوێنی کۆنترۆڵنەکراو: کاترین لە پلان و پراگماتیزمە دلڕەقەکەی خۆیدا، چاوی لەو جۆش و خرۆشە پۆشیبوو کە مرۆڤ بەهۆیەوە واز لە بیروباوەڕەکانی خۆی ناهێنێت.

لێرەدا ئاماژەکردن بۆ تێڕوانینی هانا ئارێنت زۆر گرنگ دەردەکەوێت: ئەو جەخت لەسەر جیاوازیی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و پیادەکردنی ڕووتوقووتی توندوتیژی(کۆمەلایەتی) دەکاتەوە: ئەو ڕێکخراوانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی ناسیاسیی ڕاستەوخۆوە کۆنترۆڵدەکرێن-واتە لەلایەن جۆرە سیستەمێکی فەرماندەرەوە کە شەرعیەتەکەی بەدەرە لە هەر بنەمایەکی سیاسی (وەکو قوتابخانە، کلێسا، سوپا- کۆمەڵێك نمونەی توندوتیژی(Gewalt) پیشانددەن، نەک نمونەگەلێکی دەسەلاتی سیاسی بە مانای تەواوی وشەکە. بەهەرحاڵ لێرەدا پیشاندانی جیاوازیی نێوان یاسای ڕەمزیی گشتی و تەواوکەرە قێزەونەکەی زۆرگرنگە: چەمکی تەواوکەری دووقاتی سوپەرئیگۆی قێزەونی دەسەلات، دەرخەری ئەو خاڵەیە کە هیچ دەسەلاتێک نیە توندوتیژ نەبێت. دەسەلات دەبێت هەمیشە پشت بە پەڵەی دزێو و قێزەونی توندوتیژی ببەستێت، فەزای سیاسی هەرگیز فەزایەکی «پەتی و بێگەرد» نیە، بەڵکو هەمیشە پێویستی بە جۆرێکی تایبەت لە توندوتیژیی پێش‌سیاسی هەیە. هەڵبەت پەیوەندیی نێوان دەسەلاتی سیاسی و توندوتیژیی پێش‌سیاسی گوزارشتە لە ناچارییەکی دوولایەنە: واتە نەک تەنیا توندوتیژی تەواوکەری ناچاریانەی دەسەلاتە، بەڵکو خودی دەسەلاتی(سیاسی)یش لە ڕابردوو و ئێستا و ئایندەشدا، سەرچاوەی هەموو پەیوەندییەکی بەڕواڵەت ناسیاسیی توندوتیژییە.

توندوتیژیی قبوڵکراو و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەجێهێنانی فەرمان لە سوپا، کلێسا، خێزان و فۆرمە کۆمەلایەتییە ناسیاسییەکانی تردا، خۆیلەخۆیدا جۆرە

"بەشتبوون"[11]ێکی فۆرمێکی دیاریکراوە لە بڕیار و ململانێی سیاسی و ئەخلاقی. ئەرکی شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی ئەوەیە کە ئەو پرۆسە سیاسییە شاراوەیە دەستنیشانبکات کە کۆی ئەم پەیوەندییە "پێشسیاسی" و "ناسیاسییانە"ـی پاراستووە و بەردەوامییان پێدەدات. لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، سیاسەت ئەو پرەنسیپەیە کە بونیاد دەبەخشێتە هەموو شتێك و هەموو لایەک، بە شێوەیەک کە هەر جۆرە پوچەڵکردنەوەیەکی ناوەڕۆکی سیاسی بە ئەندازەی شتێکی "ناسیاسی"، نمونەی کۆتایی و باڵای ئاماژە و ژێستێکی سیاسییە.

ئەم قبوڵکردنەی توندوتیژی، ئەم «هەڵپەساردنە سیاسییەی مەسەلە ئەخلاقیەکان»، سنوری ئەو شتەیە کە تەنانەت لێبوردەترین ژێست و هەڵوێستی لیبراڵیش ناتوانێت بیبەزێنێت- شایەتی ئەم بانگەشەیەش نارەزایەتی و زوویربوونی توێژینەوە ئەمریکی/ئەفریقییە پۆستئیمپریالیستییە "ڕادیکاڵ"ـەکانە سەبارەت بە تێڕوانینی بنەڕەتیی "فرانز فانون" دەربارەی حەتمیەتی توندوتیژی کە لە پرۆسەی سڕینەوەی ئیمپریالیزمدا کارا و کاریگەرە. دەشێت لێرەدا فریدریک جیمسن بێنینەوە بیری خۆمان کە بڕوای وایە توندوتیژی لە پرۆسەی شۆڕشدا هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت کە ماڵوموڵکی دونیا لە لۆژیکی کالڤینیستیدا دەیگێڕێت سەبارەت بە قەدەر"[12]: واتە گەرچی توندوتیژی هەڵگری هیچ بەهایەکی خۆبەخۆ و خۆڕسك نیە، بەڵام نیشانەی ڕەسەنایەتیی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەیە، نیشانەی ئەو ڕاستییەی کە ئەم پرۆسەیە هەر بەفیعلی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی ئێستا تێکوپێکدەدات. بە دەربڕینێکی تر، خەونی شۆڕش بەبێ توندوتیژی، ڕێک هەمان خەونی "شۆڕشی بێشۆڕش"ـی "ڕۆبسپێر"ـە. لە لایەکی ترەوە، ڕۆڵی نمایشی فاشیستیی توندوتیژی ڕێک خاڵە پێچەوانەکەیەتی: واتە توندوتیژیی فاشیستی

---

11 . reification

12 . predestination

توندوتیژییەکە کە ئامانجەکەی خۆدوورگرتنە لە گۆڕانی ڕاستەقینە- شتێکی نمایشییە و دەبێت لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕووبدات بۆ ئەوەی لەڕاستیدا هیچ شتێک ڕوونەدات.

بەڵام جارێکی تر ئەرگۆمێنتی کۆتایی دژی ئەم تێڕوانینە، ڕووبەڕووبوونەوەی تەواوە لەگەڵ ئازاری زیادەڕۆیانەدا کە بەرهەمی توندوتیژیی سیاسییە. هەندێ جار کەسمان ناتوانین نەکەوینە ژێر کاریگەریی گرنگینەدان و بێباکیی زیادلەڕادەوە دەرهەق بە ئازاری ئەوانیتر، تەنانەت و بەتایبەتیش ئەو کاتەی کە ئەم ئێش‌وئازارە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە میدیاکانەوە دەخرێتەڕوو و مەحکومدەکرێت، وەک بڵێی ئەو تورەییەی دەرهەق بە ئازارەکەیە کە دەمانکاتە بینەری لەخشتەبراو و نەگۆڕی خۆی. با سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠ بێنینەوە بیری خۆمان، گەمارۆی سێ ساڵەی سارایەڤۆ، لەگەڵ خەڵکێکی برسییدا کە هاوکات لە ژێر ڕەحمەتی بۆردومان و گری بەردەوامی گوللەدا بوون. پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە: گەرچی میدیاکان پڕبوون لە وێنە و ڕاپۆرتی ئەم ڕووداوە، بەڵام بۆچی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ یان ویلایەتە یەکگرتووەکان هیچ کارێکی بچووکیان بۆ شکاندنی ئەم گەمارۆیەی سارایەڤۆ نەدەکرد؟ یان ئەوەی کە ڕێڕەوێک درووست بکەن تاکو خەڵک و کەرەستە خۆراکییەکانی بە شێوەیەکی ئازادانە پیا تێپەڕێت؟ ئەم کارە بوجەیەکی ئەوتۆی نەدەویست، واتە بە کەمێک فشارخستنە سەر هێزەکانی سرب، نمایشی درێژخایەنی سارایەڤۆی گەمارۆدراو دەبووە نمایشێکی ترسناکی گاڵتەجاڕ کە دەبوو زۆر زووتر کۆتایی هاتبا. ئەم پرسیارە تەنیا یەک وەڵامی هەیە، وەڵامێک کە "ڕۆنی براومەن" ئەو کاتەی لە ڕێگەی خاچی سوورەوە کۆمەکی سارایەڤۆی دەکرد خستیەڕوو: تەواوی نمایشکردنی قەیرانەکەی سارایەڤۆ وەکو "پرسێکی مرۆڤدۆستانە"، گۆڕینی پارادۆکسی سیاسی/سەربازی بۆ چەمکگەلی مرۆڤدۆستانە، لەلایەن هەڵبژاردنێکی تەواو سیاسییەوە پاڵپشتیدەکرا: واتە هەر لەبنچینەوە و لەم کێشمەکێشمەدا لایەنی

سربەکان بگریت. بەتایبەت ڕۆڵی "میتران" لێرەدا زۆر چەواشەکارانە و شووم بوو:

**ڕێزگرتن لە "دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە" لە یۆگۆسلاڤیا، سودی لە پێگەی گوتارێکی سیاسی وەرگرت و پێشوەختیش بەها و بایەخی لە هەموو گفتوگۆ ناکۆکەکان سەندەوە. /.../ بۆ فرانسوا میتران ئەستەم دیاربوو تا شیکاری خۆی دەربارەی جەنگی یۆگۆسلاڤیا بخاتەڕوو. میتران بە کاردانەوەیەکی تەواو مرۆڤدۆستانەوە سەرچاوەیەکی چاوەڕواننەکراوی پەیوەندی، یان درووستتر بڵێین، ئارایشتکردنی دۆزییەوە کە تا ڕادەیەک هەمان ڕۆڵ و دەرەنجامی هەبوو. میتران لایەنگری ئەوە بوو کە یۆگۆسلاڤیا لە ناو سنورەکانی خۆیدا بمێنێتەوە و گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا دەسەڵاتێکی بەهێزی "سربی" دەتوانێت ئارامی لەم ناوچە پڕ شەڕوشۆڕەدا مسۆگەربکات. ئەم هەڵوێستەی میتران زۆر بەزوویی متمانەی لای هاوڵاتیانی فەرەنسا لەدەستدا. هەموو چالاکییە پڕهەڵپە و گوتارە مرۆڤدۆستییەکان ئەو مۆڵەتەیان بەو دا تاکو دیسان پابەندبوون و بەرپرسیارێتیی هەمیشەیی فەرەنسا بە مافەکانی مرۆڤەوە پشڕاستبکاتەوە و دژیەکییە ڕووکەشەکەی لەگەڵ فاشیزمی گەورەتری سربەکاندا پیشان بدات، ئەویش بەهۆی ئازاد هێشتنەوەی تەواویانەوە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک [کە بیانەوێت بیکەن].**

لەم ڕوانگە تایبەتەوە، دەبێت بچینە ئاستێکی گشتیتر و کێشە بخەینە ناو ئەو سیاسەتە مرۆڤگەرا لەسیاسەتداماڵراوەی "مافەکانی مرۆڤ"ـەوە وەک ئایدۆلۆژیایەکی دەست تێوەردەری سەربازی، ئایدۆلۆژیایەک کە لە خزمەتی مەرامە سیاسی و ئابورییە تایبەتەکاندایە. هەر بەو جۆرەی کە "ڤوندی براون" سەبارەت بە "مایکڵ ئیگناتیف" ڕوونیدەکاتەوە، ئەم جۆرە مرۆڤدۆستی و هیومانیزمە «خۆی وەکو شتێکی دژەسیاسەت دەناسێنێت و دەخاتەڕوو، [وەك] بەرگرییەکی ڕووت لە خەڵکی بێ‌دیفاع و بێدەسەڵات دژی دەسەڵات، بەرگرییەکی ڕووت لە تاک لەبەرامبەر توانای زەبەلاح و شاراوە و بێرەحمی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کەلتور، دەوڵەت، جەنگ، ململانێی ئەتنی،

خێڵگەرایی باوکسالاری و ئامادەسازی و پرچەککردنەکانی دەسەڵاتی کۆ دژی تاکەکان»[١٣]. بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: " ئەوانەی کە لەلایەن مافەکانی مرۆڤەوە دەستتێوەردان دەنوێنن، چ جۆرە بەسیاسیبوونێک دروستدەکەن لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتانەی کە بە ڕوویاندا دەوەستنەوە. ئایا ئەوانە ئەڵتەرناتیڤی فۆرمەلەبەندییەکی جیاوازی عەدالەتن یان دژی پرۆژەکانی عەدالەتی دەستەجەمعی دەوەستنەوە؟"[١٤]. بۆنمونە ئاشکرایە کە لەناوبردنی ڕژێمەکەی "سەدام حسێن" لەلایەن ئەمریکاوە، کە لەژێر ڕۆشنایی هەندێك ناونیشانی وەک کۆتاییهێنان بە ئێش‌وئازاری عێراقیەکان شەرعیەتی خۆی وەردەگرت، نەک تەنیا لە ڕێگەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی ترەوە (نەوت) پاساودەدرایەوە، بەڵکو لەسەر بیرۆکەیەکی تایبەتی هەلومەرجی سیاسی و ئابوری بەندبوو کە بڕیاربوو پەنجەرەی ئازادی بە ڕووی خەڵکی عێراقدا بکاتەوە(لیبراڵدیموکراسیی ڕۆژئاوا، مسۆگەرکردنی خاوەندارێتیی تایبەت، چوونەناوەوە بۆ بازاڕی ئابوریی جیهانی و هتد). بۆیە سیاسەتی دژەسیاسەتی مرۆڤگەرایی ڕووت‌وقووت کە ئامانجەکەی بریتییە لە بەرگرتن بە ئازاری عێراقییەکان، بەفیعلی هاومانا دەبێتەوە لەگەڵ قەدەغەکردنی شاراوە و ناوەکیی پەرەپێدانی پرۆژەیەکی دەستەجەمعیی پۆزەتیڤدا بۆ گۆڕانی سیاسی/کۆمەڵایەتی.

تەنانەت لە ئاستێکی گشتیتریشدا دەبێت کێشە بخەینە دژیەکیی نێوان ئەو مافە مرۆڤە جیهانی و پێش‌سیاسییەی کە پەیوەستە بە هەموو مرۆڤەکانەوە بە مانای تەواوی وشەکە، و مافە سیاسییەکانی هاوڵاتیەکدا، واتە ئەندامی کۆمەڵگایەکی سیاسیی تایبەت؛ بەم مانایە بالیبار لەبەرژەوەندیی "هەڵگێڕانەوەی پەیوەندیی مێژوویی و تیۆریی نێوان مرۆڤ(man) و هاوڵاتی(citizen) شتەکە باسدەکات، پەیوەندییەک کە بە ڕوونکردنەوەی

---

[13] .Wendy Brown, "Human Rights as the Politics Of. Fatalism," in South Atlantic Quaterly 2/3, Spring 2004.
[14] . ibid.

ئەو خاڵە دەستپێدەکات کە چۆنچۆنی "مرۆڤ" لەلایەن چەمکی هاوڵاتیبوونەوە درووستدەبێت نەک هاوڵاتیبوون لەلایەن "مرۆڤ"ـەوە[١٥]. لێرەدا بالیبار ئاماژە بۆ بۆچوونی هانا ئارێنت دەکات دەربارەی دیاردەی پەنابەران لە سەدەی بیستەمدا:

**وێناکردنی مافەکانی مرۆڤ لەسەر بوونی مرۆڤێکی گریمانەکراو و گشتی، هەر لەو کاتەدا هەرەسی هێنا کە ئەوانەی بانگەشەی ئەویان دەکرد بڕوایان پێیەتی، [کەچی] بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی مرۆڤگەلێک بوونەوە کە بەڕاستی هەموو تایبەتمەندی و پەیوەندییە تایبەتیەکانیان لەدەستدابوو- جگە لەوەی هێشتاش هەر مرۆڤ بوون[١٦].**

هەڵبەت ئەم ڕاستەهێڵە دەگاتە سەر ئایدیای هۆمۆساکەر لای ئاگامبێن، ئەو جێیەی کە مرۆڤی تیا کورتدەبێتەوە بۆ "ژیانێکی ڕووت"[١٧]: لە دیالەکتیکێکی پارادۆکسانەی هیگڵیی بەش و گشت(جزء و کل)دا، کاتێک مرۆڤ لە شوناسە کۆمەڵایەتییە/سیاسییە تایبەتییەکەی خۆی بێبەش دەکرێت؛ شوناسێک کە بەڵگەی هاوڵاتیبوونێتی-، لە چرکەساتێکدا ئیدی وەکو مرۆڤێک مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت و چیتر وەکو مرۆڤێک نایناسن و دانیپیانانێن. بەکورتی، پارادۆکسەکە ئەوەیە کاتێك مرۆڤ لە "مافەکانی مرۆڤ" بێبەشدەکرێت لە واقیعیی کۆمەڵایەتیی خۆیدا، ئیدی کورت دەبێتەوە بۆ مرۆڤێک بە "مانا گشتی"یەکەی، بەبێ مافی هاوڵاتیبوون، بەبێ ئیشوکار و هتد. بە دەربڕینێکی تر، ڕێک ئەو کاتەی کە مرۆڤ بەفیعلی دەبێتە هەڵگری ئایدیاڵی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا (ئەو مافی مرۆڤەی کە جیا لە پیشە، ڕەگەز، هاوڵاتیبوون، دین، شوناسی ئەتنی و....هتد، پەیوەندیی بە منەوە هەیە).

---

[15] .Etienne Balibar, "Is a Philosophy Of. Human Rights Possible," in *South Atlantic Quaterly* 2/3, Spring 2004.

[16] .Hannah Arendt, *i.e. Origins Of. Totalitarianism*, New York: Meridian, 1958.

[17] . "bare life"

کەواتە لێرەوە دەگەینە هەڵوێست و پێگەیەکی "دژە جەوهەرگەرا" و "پۆستمۆدێرن"ـی باو، جۆرە حەکایەتێکی فۆکۆییانە دەربارەی سێکس وەکو بەرهەمی فرەییەك لە ئەزموونی سێکسی: ئەو "مرۆڤ"ـەی کە هەڵگری مافەکانی مرۆڤ"ـە لە لایەن کۆمەڵێک پراکتیکی سیاسییەوە بەرهەمدێت و چەمکی هاوڵاتیبوون بەرجەستە دەکات- بەڵام ئایا ئەمە بەسە؟ ژاک ڕانسێر[١٨]، ڕێگاچارەیەکی زۆر ورد و سەرنجراکێش پێشنیاردەکات بۆ ناکۆکیی نێوان مافەکانی مرۆڤ (پەیوەست بە "مرۆڤ بە مانا گشتییەکەی") و بەسیاسیبوونی هاوڵاتیان: لە کاتێکدا ناتوانیت مافەکانی مرۆڤ بە لەبەرچاوگرتنی فەزای هەڵکەوتووی ململانێ سیاسییەکان، وەکو **ئەودیویێکی** جەوهەرگەرای نامێژوویی گریمانە بکەیت، واتە وەکو "مافە سرووشتییەکانی مرۆڤ"ـی گەردوونگەرای بەخشراو لە مێژوو، کەواتە نابێت وەکو بت یان فیتیشی کاڵایی بیخەینە لاوە کە بەرهەمی پرۆسە مێژووییە کۆنکرێتەکانی بەسیاسیبوونی هاوڵاتیانە. بۆیە درزی نێوان "گشت" یان گەردوونێتیی مافەکانی مرۆڤ و مافە سیاسییەکانی هاوڵاتیان، هەمان درزی نێوان گشتێتیی مرۆڤ و پانتاییەکی سیاسیی تایبەت نیە: بەڵکو وەک چۆن ڕانسێر بە شێوازێکی هیگڵیانەی ورد دەریخستووە، "ئەم درزە کۆی کۆمەڵ لە خۆی جیا دەکاتەوە"[١٩]. "مافە مرۆڤە گەردونییەکان" بەدەر لە پێش‌سیاسیبوون، فەزای وردی بەسیاسیبوونی ڕاستەقینە نەخشەڕێژ و ئاشکرا دەکات: ئەم مافانە هاومانای تەواوی مافی گەردوونیە بە مانای تەواوی وشەکە، ماف وەکو بریکارێکی سیاسی بۆ دەربڕینی نەگونجانی ڕیشەیی لەگەڵ خۆیدا(لەگەڵ شوناسی تایبەتیی خۆیدا)، واتە خۆخستنە شوێنی خۆت—ڕێک تا ئەو جێیەی کە ئەمە خودی هەمان «بەش یان بەشی زیادە»[٢٠]، هەمان "بەشی بێبەش"،

---

[18]. Jacques Rancière, "Who is the Subject of Human Rights," in *South Atlantic Quaterly* 2/3, Spring 2004

[19] . ibid.

[20] . supernumerary

یان هەمان ئەو شتەیە کە پێگەیەکی گونجاوی لە بینای کۆمەڵایەتیدا نیە-وەك بکەر و بریکاری گەردوونێتیی خودی پرسیکۆمەڵایەتی. بۆیە ئەم پارادۆکسە، زۆر ورد و تەواوە و هاوشێوەی پارادۆکسی مافە مرۆییە گەردوونییەکەیە کاتێک دەبێتە مافی ئەوانەی کە کورتبوونەتەوە بۆ نامرۆڤ: ڕێک لەوکاتەدا کە ئێمە هەوڵ دەدەین لە مافەکانی مرۆڤی هاوڵاتیان تێبگەین بەبێ گەڕانەوە بۆ مافەکانی مرۆڤی "سەرووسیاسی"ـی گەردوونی، ئەوا خۆمان خودی سیاسەت لەدەستدەدەین، واتە ئێمە سیاسەتمان کورتکردۆتەوە بۆ یارییەکی پاشسیاسی، یاریی دانوستان لەسەر خولیا و بەرژەوەندییە تایبەتەکان. کەواتە کاتێک مافەکانی مرۆڤ کورتدەبێتەوە بۆ مافەکانی هۆمۆساکەر، بزانە چیی بەسەردێت؟ واتە مافی ئەوانەی کە لە کۆمەڵگای سیاسی دەرکراون و کورتکراونەتەوە بۆ "ژیانی ڕووت"- واتە ئەو کاتەی کە ئەم مافانە بەکارناهێنرێن، چونکە پەیوەستە بە کەسانێکەوە کە ڕێک بێمافن و وەکو نامرۆڤ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت؟ ڕانسێر لێرەدا خاڵێکی ئاوەژووی دیالەکتیکیی زۆرگرنگ دەخاتەڕوو:

**/.../کاتێک ئەم مافانە بە هیچ کلۆجێك بەکارناهێنرێن، ئەوا ئێوە هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن کە مرۆڤە خێرخوازەکان لەگەڵ جلوبەرگە شڕ و کۆنەکانیاندا دەیکەن. ئێوە ئەوانە دەبەخشنە مرۆڤە هەژارەکان. ئەو مافانەی کە بەڕواڵەت لە جێی خۆیاندا بێکەڵک دێنەبەرچاو دەنێردرێنە دەرەوە، لەگەڵ داودەرمان و جلوبەرگەکاندا دەنێردرێن بۆ ئەو خەڵکانەی کە بێبەشن لە جلوبەرگ و دەرمان و مافەکانی تر. بەم جۆرەیە کە لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا، مافەکانی مرۆڤ دەگۆڕدرێت بۆ مافی ئەو کەسانەی کە هیچ مافێکیان نیە، مافەکانی مرۆڤی ڕووت، مرۆڤێک لەبەردەم مەترسیی سەرکوتی نامرۆڤانە و هەلومەرجیی نامرۆڤانەی ژیاندایە. ئەم مافانە دەبنە مافی مرۆڤدۆستانە (هیومانیستی)، مافی ئەو کەسانەی کە ناتوانن ئەم مافانە داڕێژن، واتە قوربانییانی نکۆڵیکاری ڕەهای ماف. هەر لەبەر ئەمەش، ئەم مافانە شوێنگەلی بەتاڵ و خاڵی نین. ناوە سیاسییەکان و پێگە سیاسییەکان هەرگیز فەزای تەواو خاڵی نین. ئەم فەزا خاڵییە بە کەسێک یان شتێک پڕ دەبێتەوە. /.../گەر کەسانێک هەن و بە دەست سەرکوتکردنی**

نامرۆڤانەوە ئازار دەچێژن و ناتوانن مافەکانی مرۆڤ بنوسنەوە کە دوایین ڕێگەی ڕزگاربوونیانە، کەواتە دەبێت کەسێکی تر مافەکانیان بکاتە هی خۆی بۆ ئەوەی مافەکانی مرۆڤ داڕێژێتەوە. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە ناونراوە "مافی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە"-مافێک کە هەندێک میلەت بە قبوڵکردنی لایەنە باشەکانی، ئەوەش قبوڵدەکەن ببنە بەشێک لە دانیشتوانە قوربانییەکانی و هەندێکی تریش دژی ڕاسپاردەی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەوەستنەوە. ڕەنگە "مافی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە" وەکو جۆرێک لە "گەڕانەوە بۆ نێرەر"[21] باس‌بکرێت: مافگەلێکی بێکەڵک کە دەنێردرێت بۆ مرۆڤگەلێکی بێ‌ماف، دەنێردرێتەوە بۆ خودی نێرەرەکان[22].

هەر بۆیەشە، بەپێی لێکدانەوە لینینیەکە شتەکە وای لێدێت: ئەمڕۆ گوتاری باوی ڕۆژئاوا، واتە "مافەکانی مرۆییەکانی قوربانیان لە ئازاری جیهانی سێیەمدا" بەفیعلی بە مانای مافی خودی دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان بۆ دەستێوەردانی سیاسی، ئابوری و کەلتوری لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدایە، ئەویش بە بیانووی بەرگرییەوەیە لە مافەکانی مرۆڤ. لێرەدا هاوکێشەکەی لاکان دەربارەی پەیوەندی و کۆمۆنیکاسیۆن دێتە ناو باسەکەوە(کە تیایدا، نێرەر لە لایەن وەرگرەوە، نامەکەی خۆی بە شێوەیەکی ئاوەژوو، واتە شێوە ڕاستەقینەکەی، وەردەگرێتەوە): لە گوتاری باوی دەستێوەردەرانەی مرۆڤدۆستانەدا، ڕۆژئاوای پەرەسەندوو هەر بەفیعلی نامەکەی خۆی لە جیهانی سێیەمی قوربانی بە شێوە ڕاستەقینەکەی وەردەگرێتەوە. بۆیە ئەو کاتەی کە مافەکانی مرۆڤ ناسیاسی‌دەبێتەوە، ئیدی ئەو گوتارەش کە دێتە سەر ئەم گوتەزایە، دەبێت ئەخلاقی بێت: دەبێت گەڕانەوە بۆ بەرامبەرکێی پێش‌سیاسییانەی چاکە و خراپە فەراهەم بکرێت. بۆیە ئەمڕۆ «فەرمانڕەوایی نوێی ئەخلاق»[23] کە بۆ نمونە بەڕوونی لە بەرهەمەکانی مایکڵ ئیگناتیڤدا

---

[21]. "return to sender"
[22]. ibid.
[23]. ibid.

دیارە، پشتی بە ئاماژە و ژێستێکی "توندوتیژ" بەستووە لە ناسیاسیبوون. بەو جۆرەش کە ڕانسێر ئاماژەی بۆ دەکات، مرۆڤدۆستیی لیبراڵ لە بەرهەمەکانی ئیگناتیڤدا، بە سەرنجدان لەم ناسیاسیبوونە، بە جۆرێکی چاوەڕواننەکراو لە هەڵوێستی "ڕادیکاڵانە"ـی فۆکۆ و ئاگامبێن نزیکدەبێتەوە: ئایدیا فۆکۆییە/ئاگامبێنییەکەی "بایۆ-پۆلەتیک"[٢٤]، هەروەکو دوائەنجامی کۆی فیکری ڕۆژئاوایی، لە جۆرە «"داوێکی ئۆنتۆلۆژییانە"دا گیردەخوات کە تیایدا ئۆردوگای زۆرەملێ وەکو "قەدەرێکی ئۆنتۆلۆژییانە دەردەکەوێت: هەریەکەمان دەچینە پێگەی پەنابەرێکی ئۆردوگاوە. هەموو جۆرە جیاوازییەک لەنێوان دیموکراسی و تۆتالیتاریزمدا لەناودەچێت، و دەردەکەوێت هەر کارێکی سیاسی، پێشوەخت لەم داوە بایۆپۆلەتیکەدا گیری خواردووە»[٢٥].

کاتێک ئاگامبێن ڕوو لە فۆکۆ وەردەگێڕێت، و دەسەڵاتی حاکم[٢٦] و بایۆپۆلەتیک بە یەک شت دەزانێت (لە دۆخی نائاسایی گشتگیربووی ئەمڕۆدا، ئەم دووانە لەگەڵ یەکتردا جووتدەبن)، ئیدی هەمان دەرفەتی سەرهەڵدانی سوبێکتیڤیتەی سیاسی نادیدە دەگرێت-بە هەرحاڵ سەرهەڵدانی سوبێکتیڤیتەی سیاسی لە باگراوەندی پانتاییەکی تایبەتی "نامرۆڤانە"دا ڕوودەدات، بە جۆرێک کە دەبێت درێژە بدەین بە جەختکردنەوە لەسەر پارادۆکسی نامرۆڤانەبوونی مرۆڤی بێبەش لە مافی هاوڵاتیبوون، و مرۆڤی پەتی یان "نامرۆڤ" وەک زیادەیەکی پێویستی خودی مرۆڤایەتی گریمانەبکەین. واتە زیادە و پاشماوە لەناونەچوو و جیانەبووەوەکەی، یان هەمان چەمکی «ڕادە و سنور»[٢٧]ـی کانتیی ئایدیای فینۆمینەیی مرۆڤایەتی؟

---

٢٤. Biopolitics: بەپێی ئەم چەمکە لای فۆکۆ و ئاگامبێن، دەوڵەت چیتر بریتی نیە لە دەسەڵاتە تەقلیدییەکان و یاسا و هتد، بەڵکو بەستراوەتەوە بە ژین و ژیانی مرۆڤ و سوبێکتەوە، ژیانی مرۆڤ لەڕووی جەستە و شێوازی ژیان و خۆراکەوە-و

25. ibid.

26. Sovereign power

27. limit

کەواتە ڕێک وەک ئەوەی کە لە فەلسەفەی کانتدا، کاتێك ئێمە لە نۆمینە(شت لە خۆیدا)ـی باڵا زۆر نزیکدەبینەوە، وەکو ترس و تۆقینێکی ڕووت دەردەکەوێت، مرۆڤیش «بە مانای تەواوی وشەکە»، بێبەش لە هەموو تایبەتمەندییە فینۆمینەییەکان، وەک ***دێوێکی نامرۆڤانە*** دەردەکەوێت، شتێکی وەک ئۆدرادێکەکەی کافکا (Odradek). کێشەی مرۆڤگەرایی لە مافەکانی مرۆڤدا ئەوەیە کە ئەم **دێو و دەعبابوونەی** "مرۆڤ بە مانا تەواوەکەی" دادەپۆشێت و وەکو جەوهەری مرۆڤێکی ***باڵا*** پیشانیدەدات.

ئەی کەواتە ڕێگەی دەرچوون لەم بنبەستە چیە؟ بالیبار باسەکەی بە ئاماژەیەکی تەمومژاوی بۆ مەهاتما گاندی تەواو دەکات. ئەوە درووستە کە هاوکێشەکەی گاندی «خۆت ببە بەو گۆڕانەی کە پێت خۆشە لە جیهاندا ڕووبدات»، بەتەواوی تێڕوانینی بنەڕەتیی گۆڕانی ڕزگاریخواز لە خۆیدا چڕدەکاتەوە: چاوەڕوانی "پرۆسەی دەرەکی و بابەتیانە" مەبە بۆ ئەوەی گۆڕانی دڵخوازانە/چاوەڕوانکراو درووستببێت، چونکە گەر هەر چاوەڕوانی بیت ئەوا هەرگیز ڕوونادات، بۆیە لە جیاتیی ئەوە، تۆ **خۆت** هەڵدەرە ناوی، **خۆت خودی ئەم گۆڕانە بە**، ڕاستەوخۆ مەترسیی ئەنجامدانەکەی قبوڵبکە. بەڵام ئایا کەموکورتیی کۆتایی ستراتیژی گاندی ئەوە نیە کە تەنیا وەڵامێکە لە بەرامبەر سیستەمێکی لیبراڵدیموکراتدا، سیستەمێک کە وەفادارە بە لانیکەمی پێوەرە ئەخلاقییە/سیاسییەکان؟ یان گەر بمانەوێت تەفسیرە باوەکان بەکاربێنین، ئەوانەی کە لە سەرەوەی دەسەڵاتن "ویژدانیان هەیە". با وەڵامی گاندی لە دەیەی ١٩٣٠دا دەرهەق بەو پرسیارەی کە (جولەکەکانی ئەڵمانیا پێویستە لە بەرامبەر هیتلەردا چی بکەن؟) بیری خۆمان بخەینەوە: «پێویستە هەموویان بە دەستەجەمعی خۆیان بکوژن تاکو ویژدانی هەموان لە سەرتاپای جیهاندا بجوڵێنن...». دەتوانین بەئاسانی ئەوە بێنینە پێش چاوی خۆمان کە کاردانەوەی نازییەکان دەرهەق بەم کارە چی دەبوو: زۆرباشە، ئێمەش یارمەتیتان دەدەین، لە کام جێ ژەهرەکان بگەیەنینە دەستتان؟

بەڵام ڕێگایەکی تر هەیە کە تیایدا داواکەی بالیبار بۆ ڕەخنەکردنی توندوتیژی دەتوانێت ببێتە هۆی درووستکردنی وەرچەرخانێکی تایبەت- ڕێگایەک کە دەکرێت وەسوەسە داتگرێت و ناوی بنێیت سیاسەتی بارتلبی. دوو حاڵەتی لێکچوو و هاوکات لێکدژی وەک "مردووە زیندووەکان" بێننەوە بیری خۆتان، حاڵەتێک کە تیایدا خۆمان لە پێگەیەکی سەیروسەمەرەی "نێوان دوو مردن"دا دەبینینەوە: یان کەسەکە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە مردووە و لە ڕووی ڕەمزییەوە زیندووە(وەک چۆن ڕزگاربوون لە مەرگی بایۆلۆژییانە خۆی لە شێوەی جۆرێک تارمایی، یان دەسەڵات و سەرچاوەی ڕەمزیی ***ناو***دا دەردەخات). یاخود کەسەکە لە ڕووی ڕەمزییەوە مردووە، بەڵام لە ڕووی بایۆلۆژییەوە زیندووە (وەکو هەموو ئەوانەی کە لە نەزمی ڕەمزی/کۆمەڵایەتی خراونەتە دەرێ[ئەوانەی کە تووشی ئابڕووچوون و تاوان بوونەتەوە]، لە ئانتیگونەوە بیگرە تا دەگاتە هۆمۆساکەر). چی دەبێت گەر هەمان لۆژیک بەکاربێنین بۆ بەرامبەریەکدانانی توندوتیژی و ناتوندوتیژی و، هەردوو ڕووە یەکتربڕەکەیان بکەینە یەکێک؟ هەموومان ئاگاداری چەمکێکی سایکۆلۆژیی عەوامانەی وەک "ڕەفتاری پاسیڤانەی شەڕەنگێزانە"[٢٨]ین، ڕەفتارێک کە زۆرجار دەدرێتە پاڵ ئەو ژنانەی ماڵەوە کە لە جیاتیی ئەوەی چالاکانە ڕووبەڕووی مێردەکانیان ببنەوە، بە شێوەیەکی ناچالاک و پاسیڤ زیانیان پێدەگەیەنن. ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سەرەتای باسەکە: دەکرێت ئەم تێڕوانینە شەڕەنگێزە پاسیڤە وەکو ژێستێکی سیاسیی ڕادیکاڵی ڕاستەقینە ڕابگەیەنرێت، ئەویش پێچەوانە لەگەڵ چالاکیی شەڕەنگێزانەدا، واتە هەمان شێوەی "چالاکیی ناچالاک"ـی باو لە بەشدارییە کۆمەڵایەتییە/ئایدۆلۆژییەکاندا کە هەموومان هەموو کاتێک بەو مەبەستەوە دڵنیا بین لەوەی کە هیچ شتێک ڕوونادات و هیچ شتێکیش بەڕاستی ناگۆڕدرێت، چالاک دەبین. لە مەنزوومەیەکی وەهادا، یەکەمین هەنگاوی

---

[28]. "passive-aggressive behavior"

ڕەخنەیی ڕاستەقینە ("شەڕەنگێزانە" و توندوتیژ) بریتییە لە پاشەكشێ بەرەو ناچالاكی، بەرگرتن بە بەشداری-ڕستەی « پێم باشترە نەیكەم»ـی بارتلبی، یەكەمین هەنگاوی پێویستە كە زەمینە بۆ ئەكتێكی ڕاستەقینە خۆشدەكات، بۆ ئەكت و چالاكییەك كە بەفیعلی خەسڵەتەكانی ئەم مەنزوومەیە دەگۆڕێت.

سەرچاوەكان:


١. وجە وقیح حقوق بشر، اسلاوی ژیژك، ترجمە مازیار اسلامی(در كتاب نقد خشونت)، چاپ سوم، ١٣٩٢.

2. The Obscenity of Human Rights: Violence as Symptom, Slavoj Zizek, in: www.lacan.com.